# کانون کامێرایەک



لەو کاتەی کە جیهانی فەیسبووك بەم جۆرە پەرەی سەندووە و هەر کەسێك خاوەنی ماڵی خۆیەتی لەم جیهانە مەجازییەدا، چەندین ئامێری تایبەتیش بۆ ئەم جیهانە بەرهەم هاتوون وەك پێشووتریش بڵاومان کردەوە کە مۆبایلێکی تایبەت بە فەیسبووك بەرهەم هاتووە، لەم رۆژانەشدا



# کاتژمێرە ژیرۆکەکەی سامسۆنگ کەوتە بازاڕەوە

ماوەیەکی زۆر بوو کە باس لەوە دەکرا سامسۆنگ کاتژمێرێکی هۆشمەندی بەرهەم هێناوە، لەمرۆژانەدا کاتژمێرە نوێیەکەی خستەبازاڕەوە، کاتژمێری هۆشمەندی Gear زانیاری لەبارەی گشت کورتە پەیامەکان، پەیوەندییەکان، ئیمێلەکان و زەنگە ئاگادارکەرەوەکان بۆ بەکارهێنەرەکەی دەگوازێتەوە. کاتژمێرە هۆشمەندەکە خۆی بە تەنیا کار ناکات و دەبێت یەکێك لە هاندەکانی مۆبایلی سامسۆنگت هەبێت و پێکەوە پەیوەندیان بدەی، بەڵام ئەوەی هەیە دەکرێت لە رێگای هاندز فرییەوە وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە. تایبەتمەندییەکی گرنگ کە لەم کاتژمێرە ژیرۆکەدا هەیە کە پێی دەگوترێت smart relay بەهۆیەوە پەیوەند دەدرێت بە کامێرای دیجیتالییەوەو بەکارهێنەر دەتوانێت لە رێگای کاتژمێرەکەیەوە وێنە بگرێت ، هەروەها پەیوەندی دەنگ و رەنگ دابمەزرێنێ و یان وێنەکانی لەسەر ئینتەرنێت دابنێت. کاتژمێرەکە هاردەکەی واتە شوێنی داگرتنی داتاکانی 4 گیگابایتە و رامەکەشی 512 میگابایتە، (بەقەد باشترین کۆمپیوتەری ساڵانی نەوەدەکان).

# ئەندرۆید و پرۆژکتەری تایبەت بەخۆی



پێدەچێت سیستەمی ئەندرۆید هەر لە سنووری مۆبایل و تەبلێتدا نەمێنێتەوە، چونکە ئەم ڤیدیۆ پرۆژکتەرە واتە (داتاشۆ)یەی دەیبینن خاوەنی سیستەمی ئەندرۆیدە. (داتاشۆ)یەکە بچووکە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێ و لە پەنجەی دەستدا جێگەی دەبێتەوە. داتاشۆیەکە رامەکەی 512 میگابایتە و هاردەکەی چوارگیگابایتە. پرۆسسەری دوو ناوەکی هەیە و کەلێنی USB و Micro SD و تۆڕی wi-fi هەیە.

## ...ی دیجیتالی بۆ فەیسبووک بەرهەم دێنێ

کۆمپانیای کانون کە یەکێکە لە بەهێزترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کامێرا، کامێرایەکی تایبەتی بە فەیسبووك بەرهەم هێناوە کە بە کامێرای جۆری Powershot N ناسراوە. خاڵی جێگای سەرنجی کامێرای فەیسبووك ئەوەیە کە دیزاینەکەی لە کامێراکانی دیکە جیاوازە و چونکە بە شێوەی چوارگۆشەییە ، هەروەها دەکرێت بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوەو لە هەرلایەکیش بەکارهێنەر حەزی لێبکات بەکاری بهێنێ. کامێراکە 12 میگاپیسکلە، شاشەکەی لەمسییە و هۆکاری ئەوەی کە ئەم کامێرایە بە کامێرای فەیسبووك ناسراوە ئەوەیە کە دەکرێت بەو دوگمەیەی کە لەسەر کامێراکەیە و لێی نووسراوە facebook وێنەکانی سەر کامێراکە بۆ سەر ئەکاونتەکەی خۆت لە فەیسبووك دابنێی.

## دەتوانن هەر شوێنێک بکەن بە ستۆدیۆی وێنەگری

کامێرای دیجیتالی بەتەواوی کامێرای فیلمی خستە ئەرشیفەوە و کردی بە مێژوو، لە وێنەگرتندا هەر کامێراکە نییە کە ڕۆڵی خۆی دەبینێت بۆ گرتنی وێنەیەکی جوان، بەڵکو ڕووناکی شوێنی وێنەگرتنەکەش ڕۆڵی خۆی هەیە، بۆ نموونە ئەو وێنەیەی کە لە ستۆدیۆیەکی وێنەگری دەیگری زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە لەماڵەوە دەیگری، چونکە لەوێدا جگە لە کامێراکە ئەو پرۆژکتۆرە بەهێزانە کە ڕووناکی زۆر بەهێزیان هەیە ڕۆڵی خۆیان دەبینن.

کۆمپانیای نیکۆن لەم دواییەدا بە بەرهەمهێنانی ئامێری LD-1000 LED movie light هەوڵیداوە شێوازێك لەم پرۆژکتۆرە بۆ کامێرا ئاساییەکانیش بگوازێتەوە، ئامێری ناوبراو ڕاستە جگە لەوەی گلۆپێکی بەهێز هیچی تر نییە بەڵام ڕووناکییە بەهێزەکەی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، چونکە شوێنێکی کە ڕووناکی پێویستی هەبێت، زۆر باشترە لەوەی کە فلاش بەکار بهێنرێت.




## ئامێرێکی جۆکەری 3D



پرینتەر و سکاینەری سێ ڕەهەندی ڕەنگە گۆڕانکارییەکی دیکەی جیهانی تەکنەلۆژیا بێت، ئەگەر کێشەی تێچووی و گرانی ئەو جۆرە ئامێرە نەبێت پێموابێ گشت ماڵێك ئەو ئامێرەی دەبێت. بۆ نموونە پێویستت بە خوێدان یان پیاڵەیەکە ناچار نیت بچییە بازاڕ، لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دیزاینی ئەوەی مەبەستتە دروست دەکەی و دواتر بەهۆی ئەم پرینتەرە رایدەکێشی ئیدی لە ماوەی چەند خولەکێکدا خوێدان یان پیاڵەکەت بۆ چێ دەبێت.

لەم دواییەدا کۆمپانیای زئوس جۆرێك لەو ئامێرەی دروست کردووە لە یەك کاتدا چوارئەرك ئەنجام دەدات، یەکێك لەم کارانە کۆپی کردنە، بۆ نموونە گوڵێکی پلاستیکی جوانت هەیە لە ماڵەوە دەتهەوێ بیکەی بە دوو سێ گوڵی دیکە، بەئاسانی گوڵەکەی خۆت لە ناو ئامێرەکە دەخەی و لە ماوەی چەند خولەکێکدا گوڵی لە چەشنی گوڵەکەی خۆت بۆ چێ دەکات.

# کیبۆردێکی تەنک وەک پەڕەی کاغەز




ئەو کیبۆردەی دەبینن دەکرێت بڵێین تەنکترین کیبۆردە لە جیهاندا تا ئێستاکە بەرهەم هاتبێت، چونکە بەقەد پەرەی کاغەزێك تەنکە و تەنانەت یەك ملمە و تەواو نەرمە و دەکرێت قەدی بکەی و لە گیرفانتی بخەی.

ئەوانەی ئەو کیبۆردەیان تاقیکردۆتەوە دەڵێن تایبکردن بەم کیبۆردە زۆر ئاسانە و لە کیبۆردی لاپتۆپەکان لە پەنجەکاندا سادەترە. کیبۆردەکە تەنیا ئەوە نییە کە تایپی پێبکرێت بەڵکو دەکرێت بەهۆی پێنوسێك لەسەر کیبۆردەکە ئەوەی مەبەستتە بیکێشیەوە یان بینووسی ئەمەش بۆ کاروباری دیزاین زۆر گونجاوە. هەرچەندە کیبۆردەکە زیاتر بۆ تەبلێتەکان بەرهەم هاتووە بەڵام دەکرێت لە کۆمپیوتەری سەرمێزو لاپتۆپیشدا سوودی لێوەربگیرێت.



## لەم سایتەدا فێردەبی ئەوەی فڕێ دەدرێت بە کەڵک دێت



گەر لە جیهانی دەوروبەرتان بێتاقەت بوونە و نیازتان هەیە گۆڕانکاری لە دەوروبەر یان رواڵەتی خۆت دای، باشترە سەرێك لە سایتی www.craftgawker.com بدەی.

لەم سایتەدا لەگەڵ جیهانی هونەری دەست و ئەو کەلوپەلانەی کە بە دەست دروست دەکرێن ئاشنا دەبی، لە راستیدا سایتەکە یارمەتیت دەدات کە بە کەرەسەی سادە و لە کەلك کەوتوو شتی جوان و سەرنجراکێش چێ بکەی و دیکۆڕی ماڵەکەت بەم شتانە بگۆڕی.

لەم سایتەدا گەلەرێکی وێنەیی هەیە کە سوژە و داهێنانی کەسانی دیکە نیشان دراوە، دەکرێت ئێوەش بە سوود وەرگرتن لەوانە داهێنانی نوێترتان هەبێت، کەلوپەلی هونەری، کتێب و گۆڤار، کەلوپەلی منداڵان، شووشە، کاغەز....تاد لەو بەشانەن کە لەو سایتەدا دەبینرێن.

# ویندۆزە هیچ کاتێک پێویستی بە فۆرماتکردن نابێت

رەنگە ئەو مانشێتەی سەرەوە تا رادەیەك جێگای گومان بێت، چۆن دەکرێت بەهۆی ویندۆز8ەوە ئیدی هیچ کاتێك کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات نەکەیەوە. بەڵێ ئەمە تەنیا ریکلام یان پێداهەڵگوتنی ئەم ویندۆزە نییە، بەڵکو چەند توانایەکە کە لەم ویندۆزەدا هەیە ئەوانیش بریتین لە reinstall, refresh, restore ئەم سێ فەرمانە هەرکام تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

Refresh: بە داگرتنی ئەو پرۆگرامە ویندۆزەکە وەك یەکەمجار لێدەکەیەوە بەبێ لەدەستدانی وێنە و فایلی ڤیدیۆیی و ئەو داتانەی کە بەکارهێنەر نووسیونی. بەڵام ئەو پرۆگرامانەی



کە بەهۆی فلاش یان لە ئینتەرنێت داتبەزاندوون دەسڕێنەوە، چونکە دوور نییە یەکێك لەو پرۆگرامانە ببێتەهۆی ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکە ئەم کێشەیەی بۆ دروست ببێت.

Reinstall: بەهۆی ئەو فەرمانەوە هەموو شتێکی ویندۆزەکە سەرلەنوێ دادەندرێتەوە. لە ویندۆز8دا ئەو ئیمکانە هەیە کە بەبێ ئەوەی پێویست بە فۆرماتکردنی هارددیسك یان فۆرماتکردنی گشتی بێت، ویندۆزەکەی خۆت وەك رۆژی یەکەم لێبکەیەوە، کورد گوتەنی وەك تازە لەدایکبووبێت، بەڵام بەهۆی ئەو فەرمانەوە گشت فایل و داتا و پرۆگرامەکان کە لە درایڤی سیستەمدان دەسڕێنەوە دروست وەك فۆرماتکردنێك هەربۆیە کاتێك ئەو فەرمانە لێدەدەی داتا پێویستەکان بگوازییەوە بۆ درایڤێکی دیکە لە کۆمپیوتەردا بۆ نموونە لە Cیەوە بیانگوازیەوە بۆ D. بەڵام بۆ ئەو فەرمانە حەتمەن دەبێت هێڵی ئەنتەرنێت هەبێت.

Restore : بە داگرتنی ئەو فەرمانە ویندۆز دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە پێشتر بۆت دیاریکردووە. بەهۆی ئەم فەرمانەوە هیچ کام لە وێنە و داتاکان و زانیارییەکان ناسڕدرێنەوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە هەندێك لەو پرۆگرامانەی کە بەم دواییە داتناون و واتە بەر لەخاڵی دەستپێك بسڕدرێنەوە.

# لینۆڤ و ئولترابوکێکی نوێ



بەرلــە هەمووشــێتك پێویســتە پێناســەی ئولترابــوك بکەین، ئولترابوك نە تەبلێتە و نە لاپتۆپ، زیاتر لە لاپتۆپ دەچێت، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە زۆر تەنکە و DVD و CD ناخوێنێتەوە و کێشەکەی زۆر کەمترە لە لاپتۆپ.

لــەم دواییــەدا کۆمپانیــای لینــۆڤ ئولترابوکــی جــۆری ThinkPad Yoga ناساند کە لەگەڵ ئولترابوکەکانی دیکە جیاوازی لەوەدایە کە 360 پلە شاشەکەی بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و بە جۆرێك کە شاشــەکە دەکەوێتە پشتەوە و تەواو وەك تەبلێتێکی لێدێت.

شاشەی ئولترابوکەکە 5.12 ئینجە و لەکاتی سوڕانی شاشەکەدا ئۆتوماتیکی بەشــی دوگمەکان دەچێتە ســەرەوە هەربۆیە تەواو لە تەبلێتێــك دەچێت تاکو لاپتۆپێك و لەوکاتەدا دەکرێت بە پێنووســێکی تایبەت مەبەستەکەی خۆت لەسەر ئولترابوکەکە بنووسی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی ئازیز پرســیارە ئەوە دەکات ئایــا لــە نێوان ئــەو هەموو مۆبایلە هۆشــمەندانەی کە خاوەنی کامێرای دیجیتالین، کامە مۆبایلیان سەرکەوتووترە و کوالیتی وێنەکانی باشترە؟

خوێنــەری بەڕێز ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر دژوار بێت، چونکە کۆمپانیاکان لە ڕکابەریدان و هەر ڕۆژە نموونەیەکی ســەرکەوتوو و باشتر لە پێشــوو بەرهەم دێنن، هەندێك مۆبایل هەن وەك مۆبایلی جــۆری Nokia preview 808 کــە هی کۆمپانیای نۆکیایــە و تــا ئێســتا بەرزتریــن ئاستی میگاپیکســلی هەیە کە 41 میگاپیکســلە، دیارە بەرزبوونی ئەم ئاستەش بەمانای باشی کامێرا نایەت، بەڵکو هۆکاری دیکــەش هەن، بەڵام مۆبایلی جــۆری experia هەردوو جۆری z و T لە ڕیزی باشەکان دێن لەگەڵ گەلەکســی زوم و گەلەکسی چوار. وەك باس دەکرێت مۆبایلی ip-hone5s کوالیتــی مۆبایلەکەی زۆر باش بێت کــە چەند ڕۆژێکە کەوتۆتە بازاڕەوە.

# گەڕاندنەوەی وێنە و داتاکان لە ئەندرۆیدەوە

لەم ســاڵانەی دواییدا، سیستەمی ئەندرۆید بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان تەواو جێگیر بووە و هەربۆیە هەزاران پرۆگرامی تایبەت بەم سیستەمە بەرهەم هاتوون و ڕۆژانەش پرۆگرامی نوێ بۆ ئەم سیستەمە بەرهەم دێن.

یەکێك لــەو پرۆگرامانەی کە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بە پێویســتی دەزانن پرۆگرامی گەڕاندنەوەی داتا ســڕاوەکانە، واتــە ریکۆڤەری.. بــەڵام ئایا ئەو پرۆگرامە بۆ مۆبایلەکان بەتایبەتی ئەو مۆبایلانەی کە بە سیستەمی ئەندرۆید کار دەکەن بوونی هەیە؟ بەڵێ چەندین پرۆگرام هەن بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکان، پرۆگرامی Wonder-share Dr.Fone for Androidە. هەندێك لە تواناکانی ئەو پرۆگرامە ئەوانەن:

- ســکانکردنی ئۆتۆماتیکــی مۆبایل یان تەبلێتەکە پاش پەیوەند دانی بە کۆمپیوتەرەوە.
- گەڕاندنەوەی کورتەپەیامەکان چ ئەوانەی نێردراون و چ ئەوانەی بەڕێکراون.
- گەڕاندنەوەی ناو و ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەسەر مۆبایلەکەت بوون و بەڵام سڕاونەتەوە.
- گەڕاندنەوەی وێنە و ڤیدیۆکان لە میمۆرییەوە.

شــایانی ئاماژە پێکردنە ئەم پرۆگرامە لەگەڵ گشــت جۆرەکانــی مۆبایل و تەبلێت کە سیســتەمی ئەندرۆیدیان لەسەرە دەگونجێت.

